# داستانی مان و نەمان

فـــەهـــد گـــــردەوانـــی



لە کەعبەی جێگای گریانی موسڵمانان و

لە کەربەلای سەرینی ئیمامی حوسێن

زیاتر بەدەم حەشاماتی

ماڵوێرانکراوی ئەو هەموو

گوڵە سەر براوەی وڵاتەکەم

بە ئازارتری و

هەردێ برینی زامی تۆ

لە جێگای شفای رەحمەتی خودا

گەورەتر و بە ئێشتر دەبی

دەبێ کەعبەی ئێمە لە بەردی سپی و

بێ شەیتانی بەوولاوە

هیچی تری بەخۆیەوە گرتبێ !!؟؟

یا شێخەکانی وڵاتی من

لەژێر دەستی شێخەکانی

سەردەمی زەردەشت و خانی

فێرە تەریقەتی خوداپەرستی ببن و

لە ترسی یاخی بوون و

بە سەربەستی ژیان

نەتوانن باجی سەفەری ئەم کاروانە

ببەنەوە بەردەمی خودا و

شۆڕشێکی بایەخدار و یاخی بوون

لە دژی بەرپابکەن و گۆرانی

یا سەرکەوتن یا نەمان

یا نەمان و یا سەرکەوتن

بلێینەوە

هەتا جارێکی تر

دەگەڕیتەوە باوەشی

خاکی قوڕبەسەری چنراو

داگیرکراو

هەر شەڕە شمشێری نەبیەکانی سەردەم بێ

گەرووی ناسکی ئاسکەکانی ئەو ناوچەیە

بپەڕێنێ و

لە ناو قنجە مەمکەکانی بێریان

بۆ خۆیان راوی جەستەم بکەن

ئەو کاتە هەتا بێزاربوون

منیش تف و نەعلەت لە ئایاتی

مەزهەبیان دەکەم و

دروشمی ((خۆشەویستی چاکترین

بەهاراتە بۆ ژیان)) هەڵدەگرم و

تێر تێر مرۆڤی شەهید ماچ دەکەم

هەمانکاتیش (( دۆزەخی مەنفا )) هەڵدەبژێرم و

لە (( بەهەشتی ئەو )) داگیرکەرانە ناژیم

**لێرەدا ، دوور لە شارەکەم**

**دەمرم**

**دەمرم**

**###   ###   ###**

**وای چەندی دەکەم ئەو دەنگەم**

**بۆ ناخرێتە سەر قەوانی**

**رۆژانەی سەردەم**

**ئەگەر باوەڕیشی پێ نەکەم**

**بۆ رووسوورکردنی خۆیان**

**جارجارە بە گاڵتە و نادروستیش بێ**

**لێم دەکەن بە داستانی مان و نەمانی**

**ئاسکەکان و بێریان**

**جارێکی تر دیسان**

**حەیرانی حەیرانان دەچێژمەوە**

**دەشتی هەولێریش بە خۆم دادەدەم**

**دەوجا بابێن هەر لەسەر کێڵەکەی**

**بەختم.....لە جیاتی دەست**

**قاچیان تێوەردەن و**

**کانیاوم ژەهراوی و**

**دارم قرتاندن و**

**خانوو بەرەم سووتاوی و**

**لاشەم قوربانی خاک**

**بکەن**

**هەر داستانی بەردەقارەمان یان**

**وەبیر دێنمەوەو**

**پڕ بە قوڕگی دەنگەزیندووەکان**

**حەیرانی جاران**

**دەڵێمەوە**

**ــــ(حەیران حەیرانە**

**ئەمڕۆکە نازانم لە کوێ وە دەست پێبکەم**

**ئەو شێخی زەمانە ... زۆر بە زیانە**

**دەستی خستە ناو گەردەنی گورگی برسی**

**بەدەست و پەنجەی خۆی و بەریشی سپی**

**گورگی خستە هەڵداوان و تێکی شکاند**

**هەرچیان کرد بۆیان نەکرا**

**بیبەزێنن**

**لە خشتەی بەرن.......ــــ)**

**(( ((ــــ دەوجا دەرێم برا براینە**

**ئەمڕۆ رێگای دەشتی قەراجم کوتایە**

**هەتا بگەمە سەر توخوبی دەشتی شارەزوور**

**هەر لەبەر گرمەی تەیاران و**

**بۆنی باروتان ناگەم و دەمرم**

**لەگەڵ ئەوانیش گۆرانی تیژ تیژ بۆ**

**جـــیـهــــان**

بـچـــــــــــڕم

دەوجا با بزانم گوێ ی جیهانم بۆ

دەکرێتەوە یا هەر بە تەنیایی

جارێکی تر دیسان

دەمــــــــــرم .... ـــــــ)) ))

1990 ستۆکهۆڵم